## ئامانج عەبدوڵا سوور بیرو تێڕوانینی جودای قبوڵ نیە.... عەلی نەوڕۆلی

دونیای نووسین کاتێك بەنرخە ئاوێزانی مەعریفە بێت و نەك تەنها لە هەناوو بوغزێکی پەنگخواردووی ڕەشەوە هەڵقوڵێت، جا ئەوەی نووسینە کرچو کاڵەکانی کاك ئامانج ببینێت، باش تێدەگات چ مەبەستێك لە دەروونی ئەودا هەیە، چونکە خۆی لە (گۆتەو، شکسپیرو، پوشکین) زۆر بە گەورەتر دەزانێت و، دەم لە هەموو کایەکانی نووسین دەدات، بە بێ ئەوەی پسپۆری لەو بوارانەدا هەبێت.
بەراستی کاك ئامانج هەژاریت لە دونیای ئەدەب و نووسین، ئەوتا زۆرێك لە شاعیران و نووسەرانی کورد تێبینی و تێروانینیی وردیان هەیە لە ناوەرۆك و وشەو ماناکانی سروودی (ئەی رەقیب) چونکە ناوەرۆکی سروودەکە بۆ زەمەن و قۆناغی شۆرش و بەرخۆدان کاریگەری باشی هەبووە، بەڵام زەمەنی خەباتی شۆرش و بەرخوردان ئێستا گۆراوە، پێویستی بە سرودێکە رەنگدانەوەی واقیعی ئیستای کوردستان و فیدراڵی و سەربەخۆی و سنوورەکەی بێت، ئایا چ کوردێك ئامادەیە بڵێت من نەوەی ئاگر پەرەستێکی وەك (کەیخەسرەوەم) ئیسلام ئاین و شوناسو مێژوو کلتوری پێکهاتەی گەلی کوردەو چۆن میللەتی کورد رازی دەبێت بکرێت بە نەوەی ئاگر پەرەست، گەر بێت و راپرسییەکی دیموکراسیانەش بکرێت هەرگیز کەلی کورد بەوە رازی نابێت، کە لە نێو سروودەکە باسی کەیخەسرەوەی پاشای فارس دەکات، کە گوایە کورد نەوەی فارسە، بۆیە زۆرێك لە نووسەرانی بەناوبانگی کورد وەك (دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، یاساناس دکتۆر نووری تاڵەبانی، شیرکۆ بێ کەس، مامۆستا عەبدول لەتیف ئەندام پەرلەمانی سەر بە لیستی پارتی و دەیانی تر هاوران لە سەر ئەوەی کە زۆرێك لە وشەو برگەکانی سرودی ئەی رەقیب لە رووی مێژوویەوە هەڵەیەو چونکە دڵداری شاعیر شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبووە لە مێژووی کورد، جا داوا دەکەن لە کەسانی پسپۆری بوارەکانی (شیعر و زمان و مێژوو وئەدەب) هەموو پێکەوە بتوانن سرودێکی وا دارێژن کە رەنگدانەوەی کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و جوگرافیاو سنوری کوردستان بێت،
بەراستی دونیا خەراباتە کە ئامانج ناوێك رەخنە لە نووسەرێکی وەك موحسین شوانی بگرێت کە بە قەد کێش و وەزنی ئامانج نووسین و لێکۆڵینەوەی بواری ئەدەب و سیاسەتی نووسیەوە،
ئامانج ئایدۆلۆجیای تاریك بەرچاوی گرتووە بۆیە راستییەکان چەواشە دەکات، ئەگینا چۆن دەڵێ: لە تەپڵ و دەف زیاتر نازانن میوزیك چییە، ئەی تیپی هونەری (گزنگ، پەیام، مەولەوی، بەیان) مەگەر سەر بە لایەنە ئیسلامییەکان نین؟! وا دەزانی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئیسلامییەکان، تەنکە لێدەدرێت لە جیاتی مۆسیقا، وادیارە تا کاسێتەکانی مایکل جاکسۆن هەبێت تۆ چۆن گوێ لە گۆرانی بێژانی وەك مەروان حمەخورشید و ڕێناس عەلی دەگریت! بۆیە منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەوانەی کە دەڵێن ئامانج بە بێ بەڵگە دەنووسێت، حەق وایە پسپۆری لە سەر (مەعلومات) بخوێنیت بۆ ئەوەی ئیتر بە بێ سەرچاوە نەنووسیت، بەلاتەوە ئاسایی بێت کە دەڵێم پسپۆری لە سەرمەعلومات وەربگریت چونکە زۆر کەس هەن لە ئەوروپا تێزی دکتۆراکەیان تەنها لەم بوارەیە، زۆر ئاسانە بۆ تۆش چونکە تەزکێی پاڵپشتی حیزبەکەت ئامادەیە، هەر تۆ نەبوویت پێش ماوەیەك خواردنی خورمات بە زیانبەخش وەسفکرد، تا خوا کردی یەکسەر بە بەڵگەی زانستی

سەردەم كەسێك لە كوردستانیت قسەكانتی پوچەڵ كردەوە، لەوەیە ماوەیەكی تر ئامانج عەبدوڵا باسی مەریخ و دونیای فەزاو و ڤایرۆسی ئەنفلۆنزای باڵندەش بكاتە ئامانجی نووسینەكانی، چونكە هەر ئەو بابەتانە ماوە لەسەری بنووسێت، هەر تۆو هاوبیرەكانت بوو واتاندەزانی بە هاتنی ئەمریكا ئیسلامی سیاسی بەرەو فەوتان دەچێت، نازانن تابێت پێگەی جەماوەرییان مەزنتر دەبێت و تەنانەت ئەمریكاش تا بێت خۆی لە ئیسلامی سیاسی نزیك دەكاتەوە بە بۆنەی پێگەی جەماوەرییانەوە، بەلای ئامانج و هاوبیرەكانی ئاسایی نییەو بگرە بەزاندنی هێڵی سوورە، ئەگەر مەلایەك لە كاتی هەڵچونیدا قسەیەك بە رۆشنبیرێكی علمانی بڵێت یان جەماوەری كورد خۆپیشاندان سازبكەن دژی ئەو كەسانەی كە بێ رێزی دەكەن، بەڵام پێیان ئاساییەو بڵكو بە رەوایشی دەزانن كە چەندین رۆڵەی كوردی بادینان شەهید و بریندار بكەن و دەیان منداڵی كوردیش هەتیوو بێ باب بكرێت، هەر لە بەر ئەوەی وەكو ئەوان بیر ناكەنەوە. ئەمە تەنها لە فەرهەنگی بیروباوەری ئامانج وجودی هەیە،

بۆیە پێم خۆش نیە لەمە زیاتر درێژە بەم نووسینە بدەم، وە هیوادارم نووسەری كورد كاك موحسین شوانی وڵامی نەداتەوە چونكە دونیای ئەدەبی هەردوكیان زۆر جیاوازە.